# هاوپشتی كریكاری

## بڵاوكراوەیەكی كریكاری گشتی‌یە

مـانگی دووجـار لـه (٥) ی مـانگ و (٢٠) ی مـانگ دەردەچیت

ژمارە ٣١

٢٠٠٢/١٠/٢٠

No:31

20/10/2002

ژمارە (٣١)، ٢٠/تشرینی یەكەمی ٢٠٠٢ — نرخی (١) دینارە — Oct, 2002st No. ( 31 ) 20


## مشتیكی خەرواریك!

لە یەكیك لە بنكە تەندورستی‌یەكانی شاری هەولیر(كە لەوی‌كار دەكەم) ، رۆژیك دایكیك بە منالەكەیەوە هات بەلام دوو هەفتە بوو لە كاتی وەرگرتنی بسكویتی منالەكەی دوا كەوتبوو. كە پیمان ووت بۆچی لە وەرگرتنی ئەم بسكیوتە دوا كەویت؟ وە منالەكەت لەرادەبەدەر پیویستی پییەتی. لە وەلامدا دایكەكە ووتی باوەر بكەن بۆیە دوا كەوتم چونكە پارەی كری پاصم نەبووە .هەروەها هاوسەرەكەم كار دەكات بەلام هەرچی دەست دەكەویت دەبیت بیدەین بە كری خانوو و مالیشمان لە گەرەكیكی قەراغ شارەو زۆر ناخۆشە بەلام چی بكەین و چارە نی‌یە .

بەلی ئەمە نمونەیكی زیندوە لە گرفتە رۆژانەیی‌یەكانی زۆربەی هەر زۆری خەلكی ئەم وولاتە،لەلاشەوە ئەوانەی خۆیان بە دەسەلاتدار دەزانن میشیش میوانیان نی‌یە بۆ ئەم وەزعە خراپەی خەلك، هەر خەریكی خۆ دەولەمەند كردنن.

هەولیر :لە شەپۆل علی‌یەوە

## كاریكی تری تیرۆریستی، لە رانیە!!

**پ، رانیە:** شەوی ١٠-٢٠٠٢/١٠/١١ لە شاری رانیە- گەرەكی ئازادی، نارنجۆكیك بۆ مالی بەرپرسیكی حزبی سەر بەیەكیتی نیشتمانی كوردستان دانراكەناوی(دكتۆر عوسمان بالەكی)ە دائەنریت، كە لە نیوە شەودا تەقیەوە و خۆشبەختانە بەغەیری زیانی مادی هیچ زیانیكی تری بەدواوە نەبوو، بەلام دوای تەنها چارەكە سەعاتیك دوای ئەو رووداوە دووبارە نارنجۆكیكی تر كە لەنزیك شوینی یەكەمجار دانرابوو ئەویش تەقیەوەو سەرەنجام دووكەس لە ئاسایش بریندار بوون.

ئەم كارە تیرۆریستی‌یە تا ئیستا كەس بەرپرسیاریتی لەئەنجامدانی نیشان نەداوەو دەسەلاتدارانیش هیچ روونكردنەوەیەكیان لەبارەیەوە نەداوە، بەلام بەهۆی شیوازی ئەنجامدانی كارەكە بەكردەوەی ئیسلامی‌یە تیرۆریستەكان دەچیت، چونكە ئەوە هەر ئەوانن كە گیان‌و سەلامەتی هاولاتیان نەك هەر بۆیان گرنگ نەبووە ، بەلكو خۆیان بەدریژایی چەند سالی رابردوو ئەو ترسەبوون بۆ سەر گیان‌و مالی هاولاتیان. شایەنی باسە ماوەیەكە لەلایەن ئیسلامی‌یەكانەوە هەولی تیرۆركردنی بەرپرسانی حیزبی سەر بە ئەحزابی دەسەلاتدار ئەدریت كەچی تا ئیستا هیچ كاردانەوەیەك لەلایەن ئەم حزبە دەسەلاتدارانەوە نەبووەو بگرە بەپیچەوانەوە هیشتا هەر دستگیرۆیی ئەكرین‌و پارەو پولی كارە تیرۆریستی‌یەكانیشیان لەسەر ئەحزابی دەسەلاتدارە. كە ئەمجارەیان خۆیان بوونەتە ئامانجی كارە تیرۆریستی‌یەكانی ئیسلامی‌یەكان. وە چەند شەو دوای ئەو رووداوە واتە لەشەوی ١٥/١٦-١٠ لەگەرەكی ئازادی —رانیە، نارنجۆكیك فری دەدەنە مالی فاتمە كە بە ( فاتە تەرك)ناسراوە، بەلام زیانی گیانی بەدواوە نەبوو.

## بەرژەوندی‌یەكانی خەلكی عیراق‌و كوردستان لەبەرزكردنەوەی دروشمی:

## "نا بۆ تیرۆریزمی دەولەتی‌وعەسكەرتاری ئەمریكا، نا بۆ رژیمی فاشیستی بەعس"دایە!



**زمناكۆ عزیز**

هەرەشەی جەنگیكی خویناوی‌و مالویرانكەر بەریوەیە، ئەوەی كە لەسەر دەستی ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی لەجەنگی كەنداودا تیك نەشكا ، ئیستا لەبەردەم خەتەری لەناو چوون‌و فەنابووندایە. هەردوو لایەنی شەرەكە دوو رژیمی فاشیست‌و سەركوتگەرن، رژیمی ئەمریكاو رژیمی بەعس.

رژیمی بەعس یەكیك لە درندەترینی رژیمەكانی سەر رووی زەوی‌یە، ئەم رژیمە گەورەترین چەكی كۆمەڵكوژو كیمیاوی دژ بەخەلكی وولاتەكەی خۆی بەكارهیناوە، رژیمی ئیعدام‌و زیندانی‌و شكەنجەی خەلكی عیراق‌و كوردستان بووە، لەسەر دەستی ئەم رژیمە هارو درندەیە چەندین گۆری بەكۆمەڵ‌و كارەساتی جینۆساید خولقاوە، هەر لەسەر دەستی ئەم رژیمە كۆنەپەرستانەترین قانونەكانی سەدەكانی ناوەراست پیادەكراوەو شمشیری دووفاقەی كۆنەپەرستان دراوەتە دەست چەقۆكیشانیكی ئیسلامی‌و گۆش كراوی دەستی خۆی بۆ شەلالكردنی‌ژنان لەخۆین، لاوان لەسایەی دا تەمەنی لاویان لە سەربازگەو بەرەكانی جەنگدا تەواو كردوە، كریكاران‌و كارمەندان لە كەمترین مافەكانی خۆیان بەهرەمەند نەبوون‌و تەواوی داهاتی وولات خەرجی دام‌ودەزگای سەربازی‌و پەرەدان بەچەكەكانی بووە بۆ یەكجارەكی لەخۆین هەلیشانی كۆمەلگا، ئابووری وولات كە لەبەرزترین ئاستی خۆیدا بوو، بەهۆی جەنگە یەك لەدوا یەكەكانی‌یەوە هاتە ئاستی داتەپین‌و نابوود بوون، تەواوی بیمەكان‌و خزمەتگوزاری‌یەكان سالانیكی دریژتر لەتەمەنی گەمارۆی ئابووری بەئایندەی نادیار سپیردراوە،

بۆل٢

## میزگردی ئیسلامی سیاسی دوای ١١ی سیپتامبر

**پ، سلیمانی:** رۆی پینج شەممە بەرواری ٢٠٠٢/١٠/١٠ گۆڤاری رفراندۆم لەدریژەی زنجیرە پانیلەكانی‌دا، پانیلی ئیسلامی سیاسی دوای ١١ی سیپتامبر لەهۆلی رۆشنبیری سلیمانی ساز كرد كە تیایدا هەریەك لە:

عوسمان حاجی مارف –حزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق.

مەلا بەختیار – یەكیتی نیشتمانی كوردستان.

ئاسۆ كمال – گۆڤاری ریفراندۆم.

تیایدا بەشداریان كردو سەرنجەكانی خۆیان سەبارەت بە هۆكارەكانی گەشەو مانەوەی ئیسلامی سیاسی خستە روو، دواتر لەسەر چۆنیتی رووبەرووبونەوەی تیرۆریزمی ئیسلامی قسەوباس كرا. شایەنی باسە كە پانیلەكە لەلایەن (جەزا حسین)ەوە بە ریوەچوو و ئامادەبوانیش كە ژمارەیەكی بەرچاو تیایدا ئامادە بوون، بە سەرنج‌و پرسیارەكانیان بەشداریان كرد لە قسەوباسەكانی ئەم پانیلەدا.

هەر سەبارەت بە قسەو باسیك كە لە پانیلەكەدا بوو (مەلابەختیار) بریاری بەستنی كۆریكی تری دا، كە لە رۆژی شەممە بەرواری ٢٠٠٢/١٠/١٢ بەئەنجام گەیشت كە لەژیر ناوی (عەلمانیەت لەنیوان ئیسلامگەری‌و كۆمۆنیستی كارگەری)دا بوو، كە لەویش دووبارە لەسەر میژووی سەرهەلدانی ئیسلامی سیاسی‌و كاریگەری سبلی ئیسلامی‌یەكان لەمیژووی ناوچەكەدا قسەوباس كرا، وە بەشیكی كەمی كۆرەكە تەرخان كرا بۆ وەلامدانەوە بە قسەكانی (عوسمان حاجی مارف)، شایەنی باسە كە (عوسمانی حاجی مارف) یش بریارە لە هەفتەی داهاتوودا سەبارەت بەقسەكانی (مەلا بەختیار)و قسەوباسیك كە لەسەر ئیسلامی سیاسی هەیە كۆریكی تر لەهەمان هۆڵ بەریوە بچیت.

## لەم ژمارەیەدا ...


چاوپیكەوتن لەگەڵ عوسمان حاجی مارف سەبارەت بە كیشەكانی ئەمریكا-عیراق‌و هەلویستی ح ك ك ع ....... ل٢

دەربارەی ئەو رووداوەی كە (دكتۆر چلبی) تیایدا سەغلەت بوو! ..... ل٣

لە شەرەوە بۆ پیاهەلدان..! (سەرنجیك لە كۆبونەوەی دووەمی یەكیتی و پارتی) ........ ل٣


## رژیم دەوروبەری كوردستان بەچەكی قورس ئەتەنیتەوە.

حكومەتی عیراقی كاتیك لە مانگەكانی پیشودا هیزەكانی خۆی لەناوچەكانی كەركوك و موسل وچەندان شوینی ترهەمووی كۆكردوەتەوە و رەوانەی بەغدای كردنەوە، كەئەو هیزانە فەیلەقی سی (٣)بوون .بەلام ئیستا رژیمی عیراقی هیزیكی زۆرتر لەجارانی هیناوە بۆ ئەو شوینەی كەفەیلەقی سی (٣)ی لی بووە، وەچەكی قورسی زۆری لەگەل خۆیدا هیناوە، وەشایانی باسە ئەو چەكانە شوینی تایبەتیان بۆدابین كراوە لەژیر زەوی‌دا، شایەنی باسە كە ئەو چەكانە بە شەوداو دوور لەچاوی خەلكەوە هینراونەتە ناوچەكە. شایەنی باسە كە رژیم ئەو هیزە زۆرەی بۆ ئەكاتە هیناوەتە ناوچەكە كە لەئەگەری هەر جموجولیكی هیزەكانی ئەمریكا لەدژی‌دا بتوانن بەر بگرن بەهەر راپەرین‌و خرۆشانیكی جەماوەری لەچەشنی ئەوەی كە لە ئازاری ١٩٩١دا رووی دا. وەهەر ئیستا كەوتوونەتە گیانی خەلكی رۆژانە چەندین كەس لە خەلكی ئەو ناوچانە بەتۆمەتی جیاجیا دەستگیر ئەكرین‌و بەم شیوەیە فەزای ترس‌و تۆقاندنیان لەناو خەلكدا بلاكردوەتەوە.

لە(عمر علی)ەوە

## زیندانی كردنی نوسەرو رۆژنامەنوسان بەتوندی مەحكوم ئەكەین!

زیاتر لە ٢٠ رۆژە سەرنوسەری بلاوكراوەی رای گشتی (مەم بورهان قانع) لەزیندانەكانی پارتی خزینراوەو بە بیانووی ئەوەی كە هەوالیكی بلاوكردۆتەوە كە ئاماژە دەكات بەوەی كە " بری ٢٦٠ملیۆن دۆلاری پارتی، لەلایەن حكومەتی توركیاوە دەستی بەسەردا گیراوە، لەكاتیكدا كە بەرەو ئەوروپا براوە" هەرچەندە كە ژمارەی دواتری (رای گشتی) بلاوی كردەوەكە ئەو هەوالە ناراستەو بی‌ بناغە بووە، كەچی پارتی هەر واز ناهینیت‌و ئەیەوی‌ ئەوە بزانیت كە سەرچاوەی هەوالەكە كی‌یە؟ وە هۆی تا ئیستا هیشتنەوەی سەرنوسەری رای گشتی هەر بۆ ئەو مەبەستەیە. تازە ئەگەر ئەو هەوالەش راست نەبیت، خۆ پارتی ناتوانیت بردنی سەروەت‌و سامانی كوردستان بەدریژایی ١٢ سالی رابردوو بە ناراست ناوزەد بكات، بەلام پاساوەكان هەرچی‌یەك بن، ناكاتە ئەوەی كەسیك ئازادە كە سەرچاوەی هەوال بۆ كەس ئاشكرا نەكات، بۆیە ئەم كارەی پارتی بەتەواوی پیشیل كردنی ئازادی بیروراپەو قانونیكیش كە ئیستا نوسەران‌و رۆژنامەنوسانی پی‌داداگا ئەكات تاسەرمۆخ كۆنەپەرستنەو دژی ئازادی‌یەكانە، وە پاشماوەی رژیمی بەعسە كە جیگەی نەفرەتی سەرجەم ئازادیخوازانە. پارتی ئەبیت دەست بەجی‌و بی‌ قەیدومەرج سەرنوسەری بلاوكراوەی ناوبراو ئازاد بكات.

هاوپشتی كریكاری.

## ئەحمەد چەلەبی لە رووبەرووبوونەوەی سیاسی هەلهات!!

**كاژاوجمال-كەنەدا:** رۆژی ٢٠٠٢/١٠/١٢ "لیژنەی هاوئاهەنگی چالاكی‌یە عیراقی‌یەكان" لەشاری تۆرنتۆی كەنەدا، كۆریكی بۆ ئەحمەد چەلەبی ساز كرد، كە تیایدا قسەوباسی لەسەر هیرشەكانی ئەمریكا بۆ سەر عیراق و كردو بەچەشنی هەر پیاویكی سەر بەمخابەراتی مەركەزی ئەمریكایی(cia) كە لەهەر كوی‌یەك بیت ئەركی‌یەتی زەمینە سازی بۆ سیاسەتەكانی ئەمریكا بكات‌و ریگەی دەخالەت بۆ ئەمریكا خۆش بكات بۆ هەر كاریك كە بیەوی‌، ئەویش بەهەمان شیوە كەوتە بە بالا هەلدانی ئەمریكاو بەهەشتیك كەدوای هیرشەكانی ئەمریكا لەعیراقدا دروست ئەبیت!!، بەم شیوەیەو لەو چوار چیوەیەدا زیاتر لە ٤٥دەقیقە قسەوباسی كرد. كاتیك كە باسەكەی تەواو بوو، بەهیچ شیوەیەك ریگەنەدرا كە ئامادەبوان رای خۆیان دەربرن سەبارەت بەقسەكانی (چەلەبی)، بۆیە ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق كە لەوی‌ ئامادە بوون‌و لەبەرامبەری‌دا هاتنە قسەو داوایان كرد كە لەبەر ئەوەی مخالفن بەباسەكەی (چەلەبی) ریگەیان پی‌ بدریت كە بیرو رای خۆیان بۆ ئامادەبووان روونبكەنەوە، بەلام ئەوان هەر سوور بوون كە ریگە بەكەس نەدەن كە بیرورای خۆی دەربریت لەسەر قسەكانی ئەو، بۆیە سەرەنجام لەریگای پۆلیسی كەنەدی‌و پیاوانی مەشق پیكراو لەلایەن ئەمریكاو كۆنەپیاوانی پیشووی نیو مخابراتی عیراقی‌یەوە فەزای ترس لەنیو هۆلەكەدا بلاوكرایەوەو ویستیان ئامادەبوان‌وئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری لەناوهۆلەكە بكەنەدەرەوە، بەلام كار بەم شیوەیە تەواو نەبوو، ئەندامانی حزب لەناو هۆلەكە كەوتنە هتاف كیشان بەدژی ئەمریكاو رژیمی بەعس. شایەنی باسە كە لەم نیوەدا (چەلەبی) بە رەنگ زەردی‌و شكستیكی گەورەوە لەدەرگایەكی پشتەوەی هۆلەكەوە خۆی دەرباز كرد. ئەمە ئەو ئۆپۆزسیۆنەیە كە هیشتا لە دەوانی بودەلەیی خۆی تیپەر نەكردوە كە ئازادی سیاسی و ئازادی بیرورا پیشیل ئەكات، ئەگەر شانسی هاتنە سەر حوكمیان بیت چ شتیكیان لە صدامی دكتاتۆر كەمتر ئەبیت؟ شایەنی باسە كە ژمارەیەكی زۆر لە كەنالەكانی راگەیاندن بەگرنگی‌یەكی زۆرەوە هەوالی ئەم شكستەی چەلەبی‌و پیاوانی تری سەربەئەمریكایان بلاوكردەوە.

هەر سەبارەت بەم كیشەیە لەلاپەرە(٣)دا بابەتیكی ریوار ئەحمەد ئەخوێننەوە.

درێژەی ....

# نا بۆ تیرۆریزمی دەولەتی‌وعەسكەرتاری ئەمریكا، نا بۆ رژیمی فاشیستی بەعس

قسەكردن لە ئازادی‌و مافەمەدەنی‌یەكان قسەكردن بووە لە هیلی سوور، چوونە سەر باسی قەدەغە كراوەكانیش حوكمەكەی ئیعدام بووە. ئەم رژیمە رژیمی قەومپەرستی‌و ناسیونالیستی عەرەبی بووە كە باقی هاولاتیانی غەیرە عەرەبی بەدەرەجە دوو بەحساب هیناوە، ئەصلْ ئینسان نەبووە، بەدریژایی تەمەنی ئەم حكومەتە خەلكی عیراق بەگشتی‌و كوردستان بەتایبەتی بە حكومەتی خۆی نەزانیوەو هەر رۆژە لەفرسەت گەراون كە گۆری گوم كەن، لەدەست ستەم‌و چەوسانەوەكانی خۆیان دەرباز بكەن، ئایندەیەكی خۆشتر بۆ خۆیان‌و نەوەكانیان مسۆگەر بكەن، ئەگەر سیاسەتەكانی وولاتانی ئیقلیمی‌و دەولی نەبوایە ئیستا دەمیك بوو كەئەو رژیمە ژیرەو ژوور كرابوو.

هەرچی رژیمی ئەمریكاشە كە لانكەی دیموكراسی‌و بەناو سەرەكیترینی رژیمەكانی پاریزەرەی مافەكانی مروڤ بووە، لەسەر دەستی ئەو دەیان‌وبگرە سەدان هەزار كەس لە خەلكی مەدەنی بوونەتە قوربانی سیاسەتەكانی ئەو رژیمەو بەئاگری چەكەكانی ئەو سووتاون، لەهەر جیگایەك بەرژەوەندی‌یەكانی كەوتبنە بەر هەرەشەی لایەنیك، ئەو جیگایەی بە ئاگرو ئاسن ویران كردوەو تەنانەت سلی نەكردۆتەوە لە بەكارهینانی چەكی كیمیاوی‌و بۆمبی ئەتۆمیش، نمونەكانی ئەمە كەم نین: هیرۆشیماو ناكازاكی، خەلكی مەدەنی ڤیتنام، خەلكی مەدەنی عیراق لەجەنگی كەنداودا. وە قوربانی‌یەكانی ئەم كۆمەڵكوژی‌یە كە لەسەر دەستی ئەمریكا روویانداوە كەم نەبوون، لەوانەش واوەتر ئایا چەكی گەمارۆی ئابووری، كەممەسرەفترینی چەكە كۆمەڵكوژەكانی ئەمریكا نەبووە؟ كە تا ئیستا زیاتر لە ملیۆن‌ونیویك ئینسانی بێدیفاعی عیراق، لە منالْ‌و ژن‌و خەلكی مەدەنی قوربانی‌یەكانی بوون.

ئەمریكا نە بەدوای پاراستنی مافی مرۆڤەوەیەو نەهەرگیز ئەوكارەشی كردوە، بەلكو ئەم مەسەلەیەی وەك وەرەقەیەكی فشار بۆ مەرامە سیاسی‌یەكانی خۆی‌و رژیمەكەی‌و هاوپەیمانەكانی بەكار هیناوە، ئیدعاكانی سەبارەت بەوەی كە رژیمی عیراق سەركوتگەرەو خەلكی وولاتەكەی خۆی لی نارازین، یان ئەوەی كەدەلێ رژیمی عیراق چەكی كۆمەڵكوژی‌هەیەو خەتەرە بۆ سەر دراوسێكانی، زەریەك دلسۆزی بۆ خەلكی عیراق تیدانی‌یەو ئەم واقیعیەتانە زیاتر لە چارەكە سەدەیەكە لەسەر دەمی ئازادیخوازانی عیراق‌و ناوچەكە ئەوترینەوە، وە ئیستا بۆ ئەمریكا دەست گرتن بەو قسانەوە هیچ نی‌یە جگە لەزەمینە خۆش كردنیك بۆ شەری فەرز كردنی بالادەستی خۆی بەسەر تەواوی دنیادا، ئەمریكا لەدوای جەنگی خەلیجەوە بەدوای پیناسەیەكی نوێوەیە بۆ نەزمی نوێجیهانی‌یەكەی، بۆ ئەوەی ئەو پەیامە بدات بەگوێی تەواوی ئازادیخوازانی دنیادا كە ئەبیت هەموو شتیك بەپێی بەرژەوەندی‌یەكانی ئەمریكا بچیتە پیشەوە، بۆ ئەوەی تەواوی ئابووری دنیا بخاتە ژیردەستی خۆیەوەو بۆ دەورەیەكی دریژتر زەمانەتی مانەوەی خۆی وەك تاكە زلهیزی دنیا بكات.

لابردنی رژیمی بەعس خواستی هەر ئینسانیكی ئازادیخوازو ئینسانیخوازی عیراق‌و تەواوی ئازادیخوازانی دنیایە، بەلام ریگایەك كە ئەمریكا ئیدعای دەكات بۆ لابردنی ئەو خواستەی جەماوری تیا نایەتەدی، لەوەش خراپ كەهەیە دەبیتە نسیبی خەلكی عیراق، لەبەر ئەوەی كە ئەمریكا ئەوەندەی بۆی گرنگە زەمینەی نمایشە سەربازی‌یەكەی خۆی ساز بكات، بەو ئەندازەیە خەریكی زەمانەت كردنی ئایندەی عیراق نی‌یە، وەهەر ئەوەیشی كە تا ئیستا شەش لایەنی ئۆپۆزسیۆنی تاسەرمۆخ دژی ئازادی‌وە نادیموكراتی‌كردۆتە بەدیلی رژیمی بەعس بەلگەی داماوی بەدیلەكەی ئەمریكاو گرنگی نەدانەیەتی بە ئایندەی عیراق‌وئەو پاساوانەی كە ئیستا زەمینەی جەنگی پێ خۆش ئەكات. سەرەكیترین و كۆمەلایەتی ترین لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆن ئەحزابی ناسیونالیستی كوردە، دووهەریمی‌و شەری ناوخۆی حزبەكان‌و وەزعی ئابووری خەلكەكەی‌و ئەمنیەتی هاولاتیان‌و قانوونەكانی هەریەكەیان‌و كردەوە دژە ئازادی‌و دژە ئینسانی‌یەكانیان بەلگەی داماوی‌و لاوازی بەدیلەكەی ئەمریكا نمایش ئەكەن، باقیەكەی تری یان دەسكەلای دەستی ئیران یان بەكریگیراوی جاسوسی وولاتانی زلهیزی دنیان ئەوانیش ئەگەر هەر زۆر ئازادیخوازو لایەنگر لە مافەكانی خەلك بن، ئەوا نیوەی یەكیتی و پارتی نابن!!

ئەمریكا نەپاساوەكانی بۆ ساز كردنی شەریكی تر لە عیراق لای هیچ كەسیك ئەرزشی هەیە، وەنە بەقازانجیەتی بەبێ خۆشكردنی زەمینەی جەنگ دەست بەریت بۆ ئەو شەرە. ئەو راست ناكات كاتیك باس لە خەتەری چەكی كۆمەڵكوژ دەكات لەدەستی رژیمی بەعس دا، چونكە دۆستەكانی ئەمریكا هەر ئیستا لەلایەن خودی ئەمریكاوە بەو چەكانە چەكدار كراون، كەسەرەكیترین هاوپەیمانی ناوچەكەی رژیمی ئیسرائیلە كە چەند بەرابەری رژیمی عیراق ئەو چەكانەی هەیەو لە بەهیزترین پشتیوانی ئەمریكا بەهرەمەندە.

ئەمە ناوەرۆك‌و پیكهاتەی دوولایەنی شەریكن كە خەلكی عیراق‌و كوردستان ئەبنە سووتەمەنی و هەر خەلك باجەكەی ئەداتەوە كە بە قیمەتی گیان لەدەستدانی هەزارانی‌ترو بەتەواوی داتەپینی ژیرخانی ئابووری ئەم وولاتە تەواو ئەبیت، بۆیە خەلكی عیراق دژ بەو سیاسەتە دژە ئازادی‌و دژە ئینسانیانەی ئەمریكا بەهەموو تواناو ئیرادەیەكی پۆلاینەوە بینەمەیدان، خەلكی عیراق لەبەرز كردنەوەی دروشمی نابۆ ئەمریكاو نا بۆ رژیمی بەعس بەتەنها نین، بەلكو لە پشتیوانی‌و لایەنگری ملیۆن ملیۆن ئینسانی سەر ئەم گۆی زەوی‌یە بەهرەمەندن، نارەزایەتیەكانی خەلكی ئازادیخوازو دژی جەنگخوازی ئەمریكا لە وولاتانی ئەوروپاو ئەمریكا سەلمینەری ئەو راستیەن، وە بەهەر ئەندازەیەك خەلكی عیراق لەو راسایەدا حەرەكەت بكات‌و بچیتە پیشەوە، ئەو بزووتنەوە جەماوری‌یەی جیهان هەرچی زیاتر فراوانتر ئەبیتەوە كاریگەری‌و دەورونەخشی چەند بەرابەر ئەبیت‌و سەرەنجام بەقازانجی بەرژەوەندی‌یەكانی خەلك ئەم سیناریۆ سازی‌یانەی ئەمریكا كۆتایی دیت‌و مەرگی رژیمی سەركوتگەری بەعسیش هەر لیرەوە دەست پێدەكات.

# ئایندەی ئەو جەنگە یاری بە چارەنوسی سیاسی و خواستەكانی خەلكی دەكات

## چاوپیكەوتن لە گەل عوسمانی حاجی مارف ئەندامی مەكتەبی سیاسی حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق دەرباری هیرشی ئەمەریكا بۆ سەر عیراق.

**هاوپشتی: ئەوەی ئاشكرایە حیزبی كۆمۆنستی كریكاری عیراق هیرشی ئەمریكا بۆ سەر عیراق مەحكوم دەكات، بەلام خواستی چەند سالەی خەلكی عیراق روخاندنی حكومەتی بەعس و صدامە، ئایا ئەم هەلویستەی ئیوە لە گەل خواستی خەلكیدا ناكۆك نایەتەوە بەوەی ئەم هیرشە فرسەتیكە بۆ لە ناوچونی دەسەلاتی صدام؟**

عوسمان حاجی مارف: هەر كەس بە میژووی خەباتی چەند سالەی ئیمەدا بچیتەوە، دەبینێ هیچ كات ئیمە لەبەرامبەر دروشمی روخانی حكومەتی بەعس وەك خواستی خەلكی عیراق بۆ یەك ساتیش لە خەباتی ئیمەدا كال نەبۆتەوە و بواری هیچ جۆرە گەرانەوە و سازشیك بەم خواستەی خەلكی بیری لی نەكراوەتەوە و ئیمكانی نەبووە، ئیستاش لە گەرمەی ئەم كیشمە كیشەی دنیا و چارەونوسی دەسەلاتی سیاسی لە عیراقدا لە هەموو كات زیاتر سوورین لەسەر روخانی حكومەتی بەعس و لە ناو چون و تیكرمانی تەواوی دام و دەزگاكانی و بەردەوام خەباتی بۆ دەكەین. بەلام باسەكەی ئیمە لەسەر ئەوەیە هیرشی دەسەلاتدارانی ئەمەریكا بۆ سەر عیراق بەدوای بەجێ گەیاندنی ئامانجیكی سیاسی لە بەرژەوەندی زلهیزی وبالادەستی ئەمریكا بەسەر جەماوەری عیراق و جیهانەوەیە، لە پیناوی ئەمەدا ئەمەریكا خۆی ئامادەكردووە شەریكی قورس و خویناوی بەسەر جەماوری خەلكی عیراقدا بسەپینی و دەیان هەزار ببنە سوتەمەنی ئەو جەنگە و بنەماكانی ژیانی ملیون ئینسان لە عیراقدا بشیونیئ، قسەی ئیمە ئەوەیە ئامانجی سەرەكی ئەم هیرشە روخانی صدام و لە ناوبردنی دیكتاتۆر و حكومەتی ئیستبدادی نی‌یە و زیانیكی گەورەی گیانی و مالویرانی لەم جەنگەی ئەمریكادا لە بەرامبەر چارەنوسی خەلكی عیراقدا قەراری گرتووە، ئایا هەلویستی هەر ئینسانیك و هیزو لایەنیكی سیاسی ئازادی خواز و ئینسان دۆست دەبیت بە چ چاویك بروانیتە ئەو دۆزەخەی هەر ئیستا ئەمریكا رای گەیاندووە و بەسەر خەلكی عیراقدا دەیسەپینی، ئەمریكا بە ئاشكرا وەك تیرۆرستیكی دەولەتی هەرەشەی جەنگیك دەكات كە لە هەردوولایانەوە حكومەتی ئەمریكا و حكومەتی عیراق ئامادەن چەكی ئەتۆمی و كۆكوژی لە بەرامبەر یەكتردا بەكار بهینن، پیم سەیرە بۆ هەركەسێ جورئەتی ئەوەی هەیە نەك مەحكومی ناكات لە هەمان كاتیشدا بلیت با چەكی ئەتۆمی و كۆكوژی بە كاری بهینن گرنگ ئەوەیە صدام لە بەین دەچیت. ئەوە چ چاوەروانی و ئینسان دۆستیەكە لە بەرامبەر چارەنوسی خەلكی عیراقدا، ئەمە چ ویژدانیكی ئینسانیە لە بەرامبەر هەرەشەی مردنی هەزاران ئینسانی بێتاواندا. جگە لەوەش هەندێ لایەن ئەمەریكا بە نوینەری بەجێگەیاندنی رزگاری عیراق دەناسینن، خۆشباوەری بۆ ئەو هیرشەی ئەمەریكا بلاودەكەنەوە، بەلام سادەترین پرسیار لەوانە ئەوەیە ئایا رزگاری خەلكی عیراق بە بەكار هینانی چەكی ئەتۆمی و كۆكوژیەوە بەستراوەتەوە؟ بە بۆردمان و ویرانكردنی شوینی ژیان و پیداویستیە ئابووریەكانی خەلكی و لیك ترازانی بنەما كۆمەلایەتیەكان بەجێ دەگەیەنریت؟ ئەمە هیرشە بۆ روخانی حكومەتی بەعس یا مالویرانی خەلكی عیراق و بالادەستی ئەمریكایە بەسەر عیراق و ناوچەكەدا و دووبارە بە ئاشكرا باس لە هیشتنەوەی خەلكی عیراقە لە ژیر دەستی كەسانیكی تر لە دكتاتۆر و دووبارە سەپاندنی نەبونی ئازادی و دەوری خەلكی لە دیاری كردنی چارەنوسی خۆیدا.

١٢سال ئابلوقەی ئابووری بەسەر خەلكی عیراقدا دریژەی كیشا، بزانە لە تەواوی ئەم ١٢سالەدا چ كارەسات و ترژیدیای نەبونی و نەخۆشی و مردنی بە كۆمەل بۆ خەلكی عیراق دروست كرد، كە هەر لەسەرەتاوە حیزبی ئیمە بەدژی ئەو بۆچونانە وەستایەوە كە چاوەروان بون بەم ئابلوقەیە حكومەتی بەعس لاوازبیت و لە بەین بچیت بەلام ئیمە مەحكومان كرد و لە هەمان كاتدا لەبەرامبەر روخانی حكومەتی بەعس زیاتر پیمان داگرت.

**هاوپشتی: روخانی حكومەتی بەعس و رزگاربونی خەلكی عیراق لەم كابوسی دكتاتوره بەبێ قوربانی نابیت و چەندان سالە لەسایەی ئەم رژیمەدا خەلكی عیراق لە ترسی گرتن و ئەشكەنجە و ئعدام و ئەوپەری ئیستبدادی سیاسیدا ئەژین، گەر لەم هیرشەی ئەمەریكادا بۆ لە ناوچونی رژیمی عیراق قوربانی بدیرت چ زیانیكی هەیە؟**

عوسمان حاجی مارف: ئەوە راستە كە خەلكی عیراق هەرئیستا قوربانی دەستی رژیمیكی درندە و ئەوپەری ئیستبدادی سیاسین، ٣٠ سالە ژیانی خەلكی هەرەسان بووە و زەلیل و بێ دەسەلات بون لە بەرامبەریدا، دیارە خەباتی خەلكی بۆ رزگاربون لەم جورە رژیمە بێ قوربانی دان نابیت، بەلام ئەوە خەلكی بۆ خۆیانن بە رای گشتی بریار ئەدەن ئەو قوربانیە ئەدەن یان نا چ جۆرە قوربانیەكیش ئەدەن وە خەلكی خۆیان بریار ئەدەن لە چ كاتیكدا ئەتوانن هەلسن و راپەرین بەرپابكەن و قبولی ئەو هیز و لایەنە سیاسیانە بكەن كە رابەرایەتیان دەكەن، ئەو هەلگیرسانی جەنگەی ئیستا لە ئارادایە جگە لەوەی زۆر سامناكە و ترسیكی زۆری خستۆتە نیو دلی خەلكی و لە چاوەروانیەكی نادیاردا وەزعی خەلكی راگرتووە و هەرەشەی مالویرانی دەكات، لە هەمان كاتدا چ هیرشی ئەمریكا و چ دانانی دەسەلاتیكی سیاسی كە لە نەخشەیاندایە لە گەل خواست و ئامانجەكانی خەلكیدا یەك ناگریتەوە، پەیوەست نی‌یە بە قوربانی دانیك لەسەر خواست و ویستی ئامادەیی خەلكیدا بیت، جیگای خۆشحالی و متمانە نی‌یە چونكە ئایندەی ئەو جەنگە یاری بە چارەنوسی سیاسی و خواستەكانی خەلكی دەكات كە لە بەرامبەر روخانی رژیمی ئیستادا دا هیچ ئالوگوریكی جدی كە بە قازانجی خەلكی بیت نیشانی نادات و لە ئاردانی‌یە، ئەوەی دیارە هەرەشەی كوشتنی بە كۆمەلە لە نیوّ ئاگری جەنگیكی ترسناكدا، هەر رۆژە دەسەلاتدارانی ئەمەریكا بۆ دەست بەسەراكردنی عیراق نمونەیەكی دەسەلاتی سیاسی بە جیا لە ئیرادەی جەماوەری عیراق و دژ بە خەلكی رادەگەیەنی، بۆیە هیچ كەس و لایەنیك بۆی نی‌یە لە شوینی خۆیەوە و بە جیا لە خەلكی بریار بدات لەسەر چارەنوسی ژیانی خەلكی عیراق و بیانكاتە قوربانی ئامانجە سیاسەكانی هیزەكەی، دەنا بە تاوابارێكی جەنگی لە بەرامبەر خەلكی عیرقدا حسابی بۆ دەكریت.

**هاوپشتی: هەندیك دەلین زۆریك لە خەلكی عیراق بۆ ئەوەی رزگاریان بیت لە صدام هەر لایەن و هیزێ بە هەر شیوەیەك لە ناوی بەریت پییان خۆشە و پیشوازی لی‌دەكەن ئەگەر خۆشیان تیا بچن.**

عوسمان حاجی مارف: ئەم جورە بیركردنەوانە لە باری شەخسیەوە جۆریكە لە بێ هیوایی و رەشبینی و خۆكوشتن، لە بەر ئەوە ناكرێ لیكدانەوەی حەقیانەتی روخانی رژیم بەهەر قیمەت لی وەربگیریت، ناكرێ چاوەروانی ئایندەیەكی گەشی لی بكریت، یان مادام كەسانێ وا بیر دەكەنەوە بە ناچاری هیرشی ئەمەریكا بۆ سەر عیراق شەرعیەتی بدریتێ، وە لە باری سیاسیشەوە مانای ئەو جۆرە بیركردنەوانە لە گەل بۆچونی ئەو تیرورستانەدا دیتەوە كە بە فرۆكە كارەساتی ١١سیپتەمبەریان خولقاند و بەدوای ئامانج و سیاسەتی كۆنەپەرستانەی هیز و حیزبەكەیەوەتی نەك پاراستنی ژیان و بەرژەوەندیەكانی خەلكی عیراق، كەسێ كە بۆ خۆی بریاری داوە ژیانی خۆی لەبەین بەرێ بۆی نی‌یە بریار بدات ژیانی هەزاران منال و خەلكی بێ تاوانیش بە مەرگی خۆیەوە ببەستیتەوە.

**هاوپشتی: حیزبی كومونستی كریكاری عیراق لەم ئەوزاع و ئالوگورانەدا چی دەكات؟**

عوسمان حاجی مارف: ئیدانەكردنی سیاسەتی شەرخوازانەی ئەمەریكا و راوەستانەوەی هەمەلایەنەی حیزب لە دژی شەرخوازی ئەمەریكا و هەرەشەی بەریخستنی جەنگ و بەرگرتن بەرووداني جەنگ وراكیشانی ریزیكی جیهانی فراوان بە دژی هیرشی ئەمریكا بۆ سەر عیراق و هاوكات لە دلی ئەم هەلومەرجەدا حیزب وەك هەمیشە پیداگری دەكات لەسەر رووخانی رژیمی بەعس و هینانە سەركاری ئالتەرنەتیفی سوشیالستی وەك تەنها بەدیلی شۆرشگیرانە بۆ رزگاری كۆمەلگای عیراق لەسەرجەم نەهامەتیەكانی ئیستا و سیناریۆی بەدیلە بۆرجوازیەكانی تر، وە حیزبی ئیمە بە وینەی ئۆپۆزیسیۆنیكی جدی رابەری هەلسان و راپەرینی جەماوەری دەكات بۆ سەرنگونی رژیمی عیراق و هینانە سەر كاری جمهوری سۆشیالستی كە دەتوانی سەرجەم كیشەكانی كۆمەلگا لە ریشەوە چارەسەر بكات و كۆمەلگایەكی پر لە ئازادی و خۆش بەختی دابین بكات، ئیستاش لە هەر ئالوگوریەك لە دەسەلاتی سیاسی عیراقدا بەدی بیت ئیمە پێدائەگرین لەسەر سكولاریزم ودەخالەتی راستەوخۆی خەلك لە دەسەلات و بەریوەبردن، جیایی دین لە دەولەت، ئازادی سیاسی، ئازادی بیروباوەر، یەكسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان، پاراستنی مافە ئنسانی و مەدەنیەكان و یەكسانی مافی هاولاتیان بە بێ لە بەر چاو گرتنی ناسنامەی نەتەوەیی، چارەسەری كیشەی كورد..

*****

# تالەبانی و بارزانی، بیتاوانترین كەسی شەری ناوخۆن!

**نەسرەو عوسمان**

لە كۆبونەوەی ٨/١٠/٢٠٠٢ ی پەرلەمان لە شاری سلیمانی خولی گواستنەوە، مەسعود بارزانی لە قسەوباسەكانیدا باسی لەوە كرد كە ئەگەر دادگایەكی عادیلانە هەبیت بۆ دادگایی كردنی تاوانبارانی شەری ناوخۆ ئەوە بێ گوناح ترین و بی تاوانبارترین كەسی ئەم دووبەرەیە جەنابی بارزانی خۆی و تالەبانی دەردەچن!!!!!؟؟

دیارە بۆ هەموو كەس رۆشن و ئاشكرایە كە شەری ناوخۆ چی موسیبەتیك و نەهامەتی‌یەكی لیكەوتەوەو چەند خیزان بوون بە قوربانی سیاسەتی شەرخوازانەی ئەم دوو حیزبە دەسەلاتدارەو بە چەندین كەسی بیتاوان لە دەورەی شەرەكانی ئەواندا گیانی لە دەست داو چەندین هەزار ئینسان لە بەرەكانی شەردا لە هەردوولا كوژران، بە چەندین منالْ لە خویندن بی بەش كران، بە هەزارەها خیزان ئاوارە و سەرلی شیواو بوون، هەموو ئەمانە چەند دیمەنیكی كەمی ئەم سیناریۆ رەشەیە كە دەسەلاتداریتی ناسیۆنالیزمی كورد لە شەری ناوخۆدا بە سەر خەلكی كوردستانیان هینا، هەموو ئەمانەش بە بی بریاری راستەوخۆی جەنابی بارزانی و تالەبانی نەچووە بەریوە، چوونكە "ئەوان هیندە دیموكرات و ئازادیخوازن كە هەرگیز بیر لەشەری وا ناكەنەوە!!!!".

سەرباری ئەوەی كە نزیك بە ٦ سالْ لە شەری ناوخۆ چ نەگبەتی و رۆژ رەشی‌یەكی بۆ خەلكی كوردستان كرد بە دیاری، ئیستا پاش ئەو هەموو قسە شەرم هینەر و جنیوە بازاریانەی كە یەكیتی و پارتی لە بلاوكراوەو كەنالەكانی راگەیاندن بە یەكتریان دەووت تا ئەوەی ئیهانە بە كەرامەت و شەخصی‌یەتی یەكتر دەكرد و بە هەزار شیوە یەكتریان تاوانبار دەكرد، راستی‌یەكەی روویەكی قایمی دەویت كە بەو شیوەیە ئیستا لە بەرچاوی نزیك بە ٤ ملیۆن ئینسان كە ٦ سال بە دەستی سیاسەتی شەرخوازانەی ئەوانەوە دەیاننلاند ئیستا ئاوا بەو شیوەیە بە شان و بالی یەكتردا هەلبدەن!!

ئەوە كام دادگایە كە دەتوانی لە حالی حازر ئیوە بداتە دادگا؟ بیگومان نی‌یە، چوونكە هەموو دام ودەزگاكان بە فیفتی بە فیفتی بەش كراوە بە پەرلەمانیشەوەو هیچ سەهمیكی خەلكی تیدا نی‌یە، دیارە بارزانی بۆ خۆی باش دەزانێ چی دەلی چوونكە لە پیش ئەوەی باسی دادگا عادیلانەكە بكات ووشەی "ئەگەری" خستە پیش و ئەوەی بە حەتمی دانا كە لە ئیستادا دادگایەك نی‌یە بتوانێ ئەوان دادگایی بكات وەك تاوانباری شەری ناوخۆ!! ئەوان تەحەمولی ئەوە ناكەن كە كەسیك رەخنەیان لی بگریت چ جای ئەوەی بیانكیشیتە دادگا!!

وەختیك دادگای عادیلانە هەیە كە خەلك راستەخۆ لە دەسەلاتدا بەشدار بن و دەنگیان هەبیت، بەلام هەر ئەو پەرلەمانەی كە چەند رۆژە تەقەی خۆشی بۆ دەكرێ بە ئاسمانا و سەر رووی رۆژنامە و بلاوكراوەكانی پی دەنەخشینری و لە كەنالەكانی راگەیاندنەوە هەلا و زەنای بۆ نراوەتەوە بیجگە لە دەسەلاتی هەردوو حیزبی دەسەلاتدار كەسی تری تیدا نی‌یە، بەشیك لە كیشەو گرفتی پرۆسەی ئاشتی لە ماوەی چەند سالی رابووردوو دابەش كردنی كورسی‌یەكانی پەرلەمان بوو بە سەر هەردوو حیزبی دەسەلاتدار هەتا خودی ئەم پەرلەمانەش ناتوانێ دادگایەكی لەو شیوەیە دابمەزرینێ چوونكە لە رووداني هەر ئەگەریكدا پووچەلْ دەبیتەوەو وەك و وەزیری بی وەزارەی لی دیت، ئەگەر دادگا بۆ تاوان و كوشت و برەكانی ئەحزابی دەسەلاتدار لە ماوەی چەند سالی رابووردوو دروست بكەیت و خەلكی كوردستان حاكم و تیبدا بریاردەر بیت، ئەوە بی گومان هیچ شك لەوە نی‌یە كە هەر كەس و كاری ئەو ئینسانانەی لە بەرەكانی شەری ناوخۆدا بە كووشتاندان و لەو پەرلەمانەی كە پری بوو لە پالەوانانی شەری ناوخۆ ئیوە داوای لیبووردنتان لی كردن حوكمتان بە سەرا دەدەن و تورتان دەدەن، ئەوە بیجگە لەوەی كە چی تاوانتان دەرهەق بە حیزب و لایەنە سیاسی‌یەكانی دیكە كردووە چەندتان لی تیرۆر كردن، چەند رۆژنامە و نووسەر و شاعیر و ئینسانی كۆمۆنیست و مۆدیرن لە سایەی دەسەلاتی ئیوە تیرۆر كران فتوای كووشتنیان بۆ درا، لە ماوەی دەسەلاتی ئیوەدا نزیك بە ٨٠٠٠ ژن تیرۆر كرا لە ژیر ناوی ناموس پەرستی بەهانەی پووچ و بی مانا، لە دەست بی مافی و نایەكسانی خۆیان سووتاند، بیزار لە عەقلی‌یەتی پیاو سالاری، منالانیك قین لە دلْ لە بەرامبەر بی مافی و بی حورمەتی‌یەك كە رۆژانە لە نیو بازارەكان و مەیدانەكانی كاركردندا ئیهانە و سوكایەتیان پی دەكریت و مەحروم بی بەش لە خویندن، لاوانیكی دل پر لە هیوا و خۆزگە و بریا كە لە دەست دەسەلاتی ئیوە و نا جیگیری باری سیاسی كوردستان جەهەنمیك كە بۆیان بەرپا بووە سەری خۆیان هەلدەگرن و بە سەر هەزار و یەك درك و دال و مین و جەندرمە و سنوورەكان دەبرن و بەرەو وولاتانی ئەوروپا ملی رێ دەگرن، ئەگەر دادگایەك هەبیت چاو لەو تاوان و كوشت برانەی ئیوە نەپۆشیت ئەوە بی گومان یەكیك لە بەرپرس و دەسەلاتدارەكانی ئیوە بە سەلامەتی دەرناچن، كە لە پیشیانەوە تالەبانی و بارزانی دەبیت كە زۆر بە پیچەوانەی قسەكەی بارزانی‌یەوە كە لە پەرلەمان كردی كە لە سەرووی دارشتنی ئەم سیاسەتانەوە بوون كە دەرهەق بە خەلكی كوردستان كراوە!!

# دەربارەی ئەو رووداوەی كە ( دكتۆر چلبی ) تیایدا سەغلەت بوو؟

## ریبوار ئەحمد

كاردانەوەی سیاسی كادرانی حزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق بەرامبەر رەفتاری نزمو ناجەریئانەی ئەحمەد چلبی و تاقمەكەی لەو نەدوەیەی كە چلبی رۆژی ١٢ی اكتبر لە كندا بۆ پیشوازی لە شەرخوازی ئەمریكا گرتی، هەروەها رەنگدانەوەی فراوانی ئەم رووداوەو هەلویستی ئیمە لە میدیاكاندا، تەواوی دەستو پیوەندە موتیعەكانی وەزارەتی خارجی ئەمریكای لە سەراسەری دنیادا هیناوەتە قالو قایل. هاواریان لی هەستاوەو بیداد لەوە دەكەن كە حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری ندوەكانیان تیكدەدات. بەلام راستییەكەی ئیمە پیمان وایە ندوەكانی ئەوان بكریت باشترە بۆ پەردەلاچون لەسەر سیاسەتی دژی ئینسانیو ماهیەتی كۆنەپەرستانەیان، تا ئەوەی ریگایان لی بگرین. باشترە خەلك لە دەمی خۆیانەوە ئەم خزمەتچیانەی وەزارەتی خارجی ئەمریكا بناسن. بۆیە نیگەران نەبن با برۆن ئەم كارانەی خۆیان. بەلام كیشەی ئەمانە شتیكی دیكەیە، ئەوان جورئەتی ئەوەیان نیە لەگەل خەلكو مخالفینی خۆیاندا جدلی سیاسی بكەن. كاتیكیش زەختیان بۆبیت بۆ ئەوەی بینە مەیدانی جدلی سیاسی، باندی ئامادەیان هەیە كە یان لەسەر دەستی مخابراتی ئەمریكی بارهاتوون یان خبرەی پیشووتری كار لە ناو دەزگاكانی سەركوتی بەعسیان لە بیرماوە، بەرەلای گیانی خەلكیان دەكەن بۆ سوكایەتیو راكیش راكیشو تەنانەت لیدان. ئەمە كاریكە كە بەرامبەر "سمیر عادلو عصام شكریو ینار حسنو سمیر نووریو خەبات مجیدو..." نوینەرانی ئارەزووە ئینسانیەكانی خەلكی عیراقو تیكۆشەرانی پەیگیری دژی بەعسو ئەمریكاو سەركوتو كۆنەپەرستیو شەرو حصارو سەربرینی ژنان، كردیان. هەر ئەمەش بوو ندوەكەی چلبی دووچاری ناكامیو خۆیشی رووبەرووی شەرمەزاریو هەلهاتن كردەوە. باشترە مادام كە جورئەتی جدلو رووبەروونەوەی سیاسیان نیە، خەلك بانگ نەكەن بۆ ندوە.

بەلام بەراستی ئەوە جیگای سەرنجە كە ئەم تاقمە باش دەرسیان لە ئاغاكانی وەزارەتی خارجیو مخابراتی ئەمریكیان وەرگرتووە، بۆ ئەوەی هەركەس بە شیوەی سیاسی یەخەی گرتن، هاوار لە خۆیان هەستینو بلین "ئای ئیرهاب ئای ئیرهاب هات"!! ... هەرچەند لەوەدا ساویلكەییەكی زۆریان بە خەرج داوە چونكە تومەتی ئیرهابی نالكی بە حیزبی كۆمۆنیستی كریكاریەوە، تازە ئەگەر ئەم تۆمەتەش لە زمانی مووچەخۆرانی ئەمریكاوە فریدرابیت، لای خەلكی ئازادیخواز بۆ ئیمە بە خیر تەواو دەبیت. سەیر ئەوەیە ئەمانە لە كاتیكدا تۆمەتی "ئیرهابی" بۆ ئیمە فریدەدەن، كە خۆیان هاتوون بە بەرچاوی سەدان كەسەوە پیشوازی لە بانگەوازی ئەمریكا دەكەن بۆ گەورەترین ئیرهابو كوشتاری بەكۆمەلی خەلكی عیراقو هەرەشەی چەكی ئەتۆمی.

دكتۆر چلبی، دەستوری داوە بە پۆلیك خزمەتچی وەزارەتی خارجی ئەمریكاو بە لەقەب دكتۆر، تا زۆر ویژی لە بارەی گومان لی كراوی حزبی كۆمۆنیستی كریكاریەوە بكەن، چونكە لە نیو خۆیاندا عمالەت مەبدەئەو جگە لەوە هیچی دیكەیان نیە، پێیان وایە ئەم جۆرە چەنەبازیو تۆمەت فریدانە دەلكی بە ئیمەشەوە. قسەو نوسراوەكانی ئەم "دكتۆرە" بێ بەهرانە خالیە لە هەموو نرخو بەهایەكو هیچ وەلامیك هەناگرن، تا پێیان خۆشە با لەو جۆرە قەوانەلیبدەن. بەلام بەراستی پرسیار ئەوەیە كە ئەگەر بە واقعی ئەمانە دكتۆرن بۆ نانو گوزەرانی خۆیان بە مهنەكەی خۆیانو كاریكی شەرافەتمەندانە پەیدا ناكەن، بۆچی لەم پیناوەدا عەمالەت بۆ سیاسەتی دژی ئینسانی ئەمریكاو پاساودانی ملهوریەكانی دەكەن؟! ئەوە كەی شوغلو مهنەیە كە كارت ببێ بەوەی تەفسیری خیرمەندانە بۆ ئابلوقەی ئابوری لەسەر مندالانو خەلكی عیراقو سیاسەتی شەرخوازی ئەمریكا و بۆمبارانو هەرەشەی چەكی ئەتۆمی لەم خەلكەیت؟!

ئەمانە هەر بە تەواوی تەربیەتی بەعسیان هەیە، خەلكی عیراق زیاتر لە چارەكە سەدەیەكە دەستو پەنجە لەگەل ئەو سیاسەتە چەپەلەی بەعسدا نەرم دەكەن كە هەمیشە خوینی مخالفینی سیاسی خۆی بە تۆمەتی "گومانلیكراویو جاسوسی ئەجنەبی" حەلال كردووەو بەم پێیەش دەیان هەزار كەسی ئیعدام كردوە. ئایا ئیستا ئەگەر تاقمی دكتۆر چلبیو تاقمەكانی دیكەی سەر بە ئەمریكا دەست بەرن بۆ بەكارهینانی ئەم تقلیدە بەعسیانەیە، هیچ هونەرو بەهرەكیان بەخەرجداوە؟! سەیر لەوەیە كە لایەنیكی سەرەكی ئەم جبهەیەی دكتۆر چلبی كە یەكیتی نیشتمانی كوردستانە رۆژی ١٤ی تەموزی ٢٠٠٠ بە ئیعترافی خودی نەوشیروان مستەفای جیگری جەلال تالەبانی، یەكیك لە بەلگەكانیان بۆ پەلاماردانی چەكدارانەی مقرەكانی ئیمەو كوشتنی هاورییانمان ئەوەبوو كە ئیمە زۆر توندین لە دژی رژیمی بەعسو لەم بارەیەوە رژیمی بەعس زەختی بۆ هیناون كە شەر بە ئیمە بفرۆشنو بەری هەلسورانمان بگرن.

بەهەرحال پیویست نیە هاوارو نالەی زۆر بكەنو نیگەران نەبن لەوەی ریگای قسە كردنو نەدوەگرتنیان لی بگرین، ئەگەر جورئەتی جدلو رووبەروو بونەوەی سیاسیان هەیە با بێخەم بگەرینو ندوەكانیان بگرن، بەلام ئەوە بزانن كە ئیمە لە هەموو جیگایەك هەینو لەسەر سیاسەتی كۆنەپەرستانەو دژی ئینسانیان بە شیوەی سیاسی یەخەیان دەگرینو پەردەیان لەروو هەلدەمالین. سیاسەتی ئیمە ئەوەیە كە ریگا نادەین تاوانبارانی بەعسو بكوژانی خەلكی عیراق لە دەرەوەی وولات سەردەربهینن و قسە بكەن، نمونەی عەمەلی ئەم سیاسەتەشمان بە كردەوە بەرامبەر شوارسكۆفو كلنتۆنو نوینەرانی بەعس لە كۆنگرەی جیهانی كاردا نیشانداوە، ئەوانە لەسەر تاوانەكانیان دەبێ دادگایی بكرین. بەلام ئەو مافە بۆ كۆنەپەرستترین لایەنو كەسانی ئۆپۆزیسیونی عیراقی دەسەلمینین كە كاری سیاسی خۆیان بكەنو ندەوەو كۆبونەوەو ...بگرن، هەروەها ئەوەش بە مافی خۆمان دەزانین پەردە لەسەر كۆنەپەرستیو پەیامی رەشو دژی ئینسانیان هەلمالین. هەركەس ئەم مافەمان پێشیل بكاتو وەكو تاقمەكەی چلبی رەفتاری ناشایستە بكات بەرامبەرمان، وەكو ئەو بەسەر خۆی دەهینێ. ئەوانەش كە هەرەشە لە ئیمە دەكەن، سەری خۆیان لەبەر دەدەن.

بەلام ئەوانەی كە ئومیدو ئارەزووەكانی خۆیان بۆ دانیشتن لەسەر كورسی كۆشكی كۆماری لە بەغداد، گریداوە بە شەری مالویرانكەری ئەمریكاوەو دلیان بەوە خۆشكردوە كە ئەمریكا تا رادەی بەكارهینانی چەكی ئەتۆمی سورە لەسەر بردنە پیشی نەخشە ملهورانەكەی، هەر بەمە تەواوی ماهیەتی رەشی خۆیان بە خەلكی عیراق نیشانداوەو دەریانخستوە كە ئەگەر گریمان ئەمانە بەدیلی بەعس بن، هەموو ئەو تاوانكاریانەی صدامو بەعس فریای نەكەوتونو بۆیان نەكراوە، ئەمانە دەیكەن. ئیمە هاوكات لەگەل خەبات بۆ بەرگرتن لە شەرخوازیو ملهوری ئەمریكاو كوشتاری خەلكی عیراق، هاوكات لەگەل خەبات بۆ رووخاندنی رژیمی فاشیستی بەعسو صدام، فریای ئەوەش دەكەوین كە نەخشەو پلانی ئەو كۆلكە دكتاتۆرانەش ریسواو ناكام بكەینەوە كە تەمرین بۆ دانیشتن لە جیگای صدام دەكەن. ئیمە نوینەرایەتی خەلكی عیراق دەكەین بۆ ئینسانیەتو ئازادیو سكولاریزمو خوشگوزەرانی.

# عزیز عبدالله: تا ئیستا شارەوانی هیچ خزمەت گوزارییەكی بۆ ئیمە نەكردووە بەغەیری ئەوەیكە غەرامەی كردووین!!

***هەفتەی رابردوو دوكاندارەكانی بازاری صلاح الدین لەبەرامبەر بێدەربەسیەكانی شارەوانی سلیمانیو ئەو پارەو باج سەندنانەیدا، نارەزایەتیان دەربریو تا نیوەرۆ دوكانەكانیان نەكردەوەو هاوكات نوینەرەكانیان چونە بەردەم شارەوانی سلیمانی لە سەر كیشەو گرفتەكانی بازارەكەیان لەگەڵبەرپرسان قسەوباسیان كرد، ئیمە بۆ زیاتر ئاشنا كردنی خۆینەرانی بلاوكراوەكەمان بە لایەنەكانی ئەم كیشانە بە پیویستمان زانی كە لەنزیكەوەو لەسەر زاری خودی خاوەندوكانەكانەوە لەسەر ئەم كیشەیە بۆتان بدوین. كە لەوێ چاومان كەوت بەزۆریك لەدوكاندارەكانو لەكیشەكەیان لەنزیكەوە ئاگادار بووین، كە زۆربەی زۆری ئەوانەی لەم بازارەدان خەلكانی ئاساییو كاسبكارن.***

***هاوپشتی كریكاری: ئیوە وەك یەكیك لە دوكاندارەكانی بازاری سەلاحەدین كە لە ماوەی پیشوو لیژنەی زیادەرۆی ناو بازار سەر بە شارەوانی سلیمانی كیشەتان هەبوو، ئەوان داوای ئەوەیان ئەكرد كە ئەبێ ئەو شۆستانەی بەردەم دوكانەكان بروخینن و شتەكان بەرنە سەرەوەو ئەم كیشەیە چەند سالیكە هەیە لەگەل شارەوانی سلیمانیدا ئەگەر بكری لەم بارەوە لە سەر كیشەكانتان بدوێی؟***

كاك نەریمان: پیشەكی بەخیربین، ئیمە كیشەی ئەم زیادەرۆیە لە سالی ٩٢وە هەمانە لەگەڵ شارەوانی سلیمانی، وە نەك لە ٩٢وە لە سەردەمی رژیمی بەعسیشەوە ئەم كیشەیە هەر هەبووە چوونكە ئەم شوینە سەنتەری بازاری شار بووە، بازاری فرۆشتنی جملەیە نەك مفرد، ئینجا بازاری جملە پیویستی بەوەیە شوینیكی فراوانتری هەبیت، بەڵام لە دوای راپەرینەوە بە دائمی ئەم كیشانەمان لەگەڵ شارەوانی زیاتر بووە، لە بەر ئەوەی شارەوانی ئەو كەسانەی دایان ناوە توانای ئەوەیان نیە تەقیمی بازاری خۆیان بكەن لەگەڵ بازارەكانی تردا ئیستا بگرە لە تاران لە بەغداد كە پێی دەلین شۆرجە بازاریك هەیە، كە ٢٠ پاریزگای بە سەرەوەیە، بە ئەنواع شیوە شتەكانی هیناوەتە دەرەوە دایناوە مەجالی خەلك نییە پیدا بروا چوونكە ئەوە شوینی جملەیە شوینی مفرد فرۆشتن نییە وە ئیمەش ئەم مشكلەیەمان چەند جاریك هەبووە لەگەلیاندا بەڵام لە ٢٤ و ٩/٢٥ هاتن بە ئیمەیان ووت بەس لە سەكۆكان بچنە سەرەوە، ئیمەش هەموومان ئیلتزامان پیوە كرد، ئەوەبوو لە ٩/٣٠ هاتن بی ئینزار كردن یەكسەر هەر یەكی وەصلی سەد دیناریان بۆ برین، چەند جاریك ئەم سەد دیناریەمان داوە وە لە قانوونی غەراماتیشدا كە تۆ غەرامەت ئەكات بە مانای زیادەرۆیی ئەبێ هەقیكت بۆ دابنی بلێ تۆ لەمە زیاتر مەیەرە خوارەوە یان ئەبێ بیروخینی، لەمبارەیەوە هیچ شتیكیان بە ئیمە نەووتووە ئەمان چەند جار سەد دیناریان لە ئیمە سەندووە بیجگە لەوەی ٩/٣٠ هەر ئەوە بووە سەد دینارەكەیان لێ سەندووین بەلام پییان نەووتوین "كاكە تۆ بیروخینە، تۆ وای لێ بكە!!" وە چەند جاریكیش لەگەل سەرۆكی شارەوانیدا دانیشتنمان كردووە كە ئیمە بازاریكی جملەین بە نیسبەت كوردستانەوە تاكە بازاریكە پیویستە ریگامان بدریتێ بۆ ئەوەی بتوانین معامەلە بكەین، دوكانداری وای تیدایە مانگی چوار ملیۆن گومرگ ئەدا بە حكوومەتی هەریم، هیچ دوكانیك نییە كە سالانە باجیكی زۆر نەدات، بە بێ ئەوەی شارەوانی كەسمان بۆ دابنیت بۆ پاككردنەوەی یان پاسەوانمان بۆ بگرن هیچ خزمەتیكی تیدا نییە، ئەو خزمەتگوزارییانە هەمووی لە ریگای خۆمانەوەیە!!.

***هاوپشتی كریكاری: تۆ لە قسەكانتدا وا دەركەوت كە چەند جاریك ئیوە پارەتان داوە بە شارەوانی سلیمانی پیشتریش ئیوە كیشەتان هەبووە لەگەڵ شارەوانی سلیمانی، نزیك بە ٨ بۆ ٩ سالە ئەو كیشانە هەر جاریك كە دووبارە بووەتەوە چۆن چارەسەر كراوە؟***

كاك نەریمان: هەر جاریك دووبارە بووتەوە ئیمە چووینەتە پیشەوە، دەستەجەمعی چووینتە بەردەم شارەوانی سلیمانی ئەو كاتە كە حاكم قادر پاریزگاری سلیمانی بوو ئیمە چووین لەگەلی دانیشتین، بریاریدا كە یەكی ٥٠سم مەجالمان بداتێ وە تیمان گەیاند كە ئەمە بازاریكی جملەیە ئەم بازارە جملەیە پیویستی بەوەیە مەجالی هەبیت پیویستمان بەوە نییە مفرد فرۆشی بیتەوە ناوە، خەلك ئەبێ بچیت لە بازار لای مفرد فرۆشەكان ئەو شتانە بكریت، ئەوە بە هۆی تەوزیعاتی ناو بازارەوە ئەبیت، ئیمە جملە ئەفرۆشین لە دنیای ئیمەشدا وەها بووە، بەڵام ئیمە هەر جاریك كە چووین بەلی باشە بە سەرچاویان پێ وتوینو پاش ماوەیەك ئەمە كۆتایی پی هاتووە سەر لە نوێ دەستی پیكردۆتەوە..

***هاوپشتی كریكاری: ئیستا كیشەكەتان بەچی گەیشتوە؟***

كاك نەریمان: مەسەلەكە كۆتایی پی نەهاتووە بەوەیكە شوینیك دیاری بكریت، هیچ تەحدیدیكی حەدیان بۆ ئیمە نەكردووە بیجگە لە"باشە بە سەرچاو !!"، بەلام ئەم ئەخیر جارە كە شارەوانی هاتوون دەستیان كردووە بە رووخاندنی، ئەوە بوو ئیمە پارەكەمان نەدا بەوەمان زانی كە ئەمە زیادە رۆییە لە ئیمەی ئەسەنن ئەم پارەیە سەرانە لیمانی ئەسەنن وە بە بەیەكسانی لە دوكاندارەكانی وەرناگرن، هەندیك دوكان غەرامە ئەكات، ئەوەی ئەیناسی و رەفاقەتی هەیە لەگەلیا نایكات، لەوەش ئەچێ پیم وابێ ساحیب ملك بەشدار بیت لەم وەزعەدا بۆ ئەوەی بازارەكان تیكبشكینیت لە بەر ئەوەی ئیمە كریمان بۆ زیاد نەكردووە ئەو كرێیەی كە ئیستا ئەیدەین ئەگەر بە سالی ٩٣ و ٩٤ كە دۆلار ٩٠٠٠ بوو حیسابی بكەین ئیمە ئیستا زۆر زۆر ئەدەین بەلام ئەوان بە هەموو شیوەیەك ئەم منافەسەیەمان ئەكەن، ئەمجارە ئیمە پارەكەمان نەدا، كە چووین شكاتمان كرد لە شارەوانی ئەوان غەلەتیان كرد بەرامبەرمان، قسەی لەگەلدا ئەكەیت سی چوار پۆلیس پەلامارت ئەدات ئەتبا بە بی ئەوەی كەبلێ كاكە تۆ هەقیكت هەیە یان وەرەقەیەكی دادگای پی بیت بتبات، ناتوانی هیچ قسەیەكی لەگەڵ بكەیت دوو سی پۆلیست بۆ ئەنیرێ و قسەی ناشیرینیشت پی ئەلێ، بەلام هەتا ئیستاش كیشەكەی ئیمە هەر ماوەتەوە بە هەلواسراوی نە ئەوەتا بزانین بازاری جملەین نە ئەوەتا بزانین بازاری مفردین، نە ئەوەتا بزانین حكوومەتی هەریم چی بەرانبەر ئیمە ئەكات، ئەیەوێ چیمان بۆ بكات؟

**هاوپشتی كریكاری: ئیوە نوینەرتان هەبوو لەم نارەزایەتی دەربرینە، رۆژیكیش كە دوكانەكانتان داخست ئەوە بۆ ئیوە هیچ سودیكی هەبوو؟**

كاك نەریمان: ئیمە نوینەرمان هەیە كە كاك دلیرە، هەموو جاریكیش پشتگیری كردووینو هاتووە لەگەلمانوبە هیچ شیوەیەكیش نەیهیشتووە ئیمە شتی ناشرین بەرامبەر بە حكوومەتی هەریم بكەین، بەلام ئەمجارە ئیمە خەلكەكە داوایان كرد كە دوكانەكان دابخریت و بچین بۆ لای حاكم قادر، تابزانین چیمان وەلام ئەداتەوە، ئەوەبوو چووینو حاكم قادر ووتی بە سەر چاو ئەم شتانەتان بۆ جێ بەجێ ئەكەین، ریزینوینەرەكەی گرتووە، ئیستا وەعد وایە رۆژی پینج شەممە لیژنەیەك لە شارەوانی بیت بە سەرۆكایەتی كاك عەبدولا تەحدیدمان بۆ بكات، بەلام ئیمە پیمان خۆشە تەحدیدیكمان بۆ بكریت لە بەر ئەوەی بازاری جملەین بازاری جملەش لە هەموو وولاتانا وایە پیویستی بە مفرد فرۆشی نییە ئەگەر ئیمە بازاری جملەین هەتا مەجال نەدەین بە مفرد فرۆش بیتە ناوەوە بۆ ئەوەی بە خاتری ئەوەی خەلك لە شوینەكانی تر شت بكرن تەوزیعات بكرێ، تەوزیعاتی ئەو فرۆشتنە بكریت، ئەمە یەكیك جملەیە یەكیك مفردە بزانین چۆن هەلسوكەوتی لەگەلدا بكریت.

**بۆ هەمان مەبەست چاومان كەوت بە عزیز عبداللەیەكیك لە دوكاندارەكانی بازاری سەلاحەدین ئەویش لەوەلامدا ووتی:**

عەزیز عبدالله: سەرەتا من ئەمەوێ شتیك راست بكەمەوە من وەك و شەخصی خۆم كیشەم لەگەڵ هیچ كەسیكدا نییە، بەلام كیشە كیشەی گشتییە، برادەرانی شارەوانی هاتوون ئەلین گوایە ئیوە زیادەرۆیتان كردووە، بەلام ئیمە جملە فرۆشین وەك هەموو پاریزگاكانی عیراق یا خارجی عیراق بازاری جملە حەدیك دیتە پیشەوە، كە حەدیك دیتە پیشەوە ئەوە زیادەرۆیی نییە یە حوكمی ئیشەكەمانە كە هیچ چاری تیدا نییە هیچ مەجالی تیدا نییە مەجبووری كە ئەوە خۆی وا دەردەچیت، ئینجا ئەوان هاتوون تا ئیستا نزیكەی چوار جار من شەخصی خۆم هاتوونەتە سەرم جاری وا هەبووە شتم هەلواسیوە ووتوویانە كاكە ئەوە قەدەغەیە وەرەقەیەكیان فریداوە هەر لە خۆوە بە بی مناقەشە و بە بی هیچ شتی هەر لە خۆوە سەد دینارت بۆ دەنووسی، ئەم سەد دینارە من تەنها مەبەستم ئەوە نییە ئەگەر زیادەرۆیم كردبی پیم خۆشە هەقی خۆم وەربگرم ،بەلام من ئەوە بە هەق نازانم كە زیادەرەویم نەكردووە بە هەقیشی نازانم كە غەرامە بدەم، جا من داوا لەوانە ئەكەم كە بەرپرسیارن لەو مەسەلەیە بین چارەسەری ئەو بازارە بكەن و حەدیك بۆ ئەو خەلكە دابنین و هەر كەسیك لە حەدەكەی خۆی دەرچوو تەبیعیئەوە سەرپیچی كەرئەبیت، من داوا ئەكەم ئەو كیشەیە حەل بكریت.

***هاوپشتی كریكاری: مەسەلەی پاككەرەوە و پاسەوان و خزمەت گوزاری ئەم بازارە كە ئیوە مانگانە هەر خۆتان دابینی ئەكەن و دەسەڵاتداران و شارەوانی سلیمانی هیچ بەرپرسیاریتییەكیان لەم بارەوە نەگرتۆتە ئەستۆ ئیوە چی ئەلین بۆ ئەمە؟***

عەزیز عبدالله: خۆی لە راستیدا ئەركی شارەوانییە بازار پاك بكاتەوەو پاسەوان بۆ بازارەكان بگریت و بەڵام چەند سالیكە ئیمە ئەوەمان نەبینیوە ئەوە بە شایەتی هەموو بازارەكە نەفەریكمان گرتووە بازارەكەمان بۆ پاك بكاتەوە خۆمان كۆمەكی ئەكەین، جا لە بەر ئەوە ئەویش هەر هەقی ئیمە نییە، تا ئیستا شارەوانی هیچ خزمەت گوزارییەكی بە ئیمە نەكردووە غەیری ئەوە نەبیت هاتووە غەرامەی كردووین، غەرامەش من بە ناهەقی ئەزانم.

**هاوپشتی كریكاری: ئیوە لەم رۆژانەی پیشوو بازارەكەتان داخست و چەند نوینەریكتان چووە لای شارەوانی سلیمانی، ئیوە داواكاریتان چییە و دەتانەوێ كیشەكەتان چۆن چارەسەر بیت؟**

عزیز عبدالله: ئیمە كیشەكەمان هەر ئەوەیە ئەو بە ئیمە ئەلێ ٣٠سم بەلام ٣٠سم بۆ ئیمە كەمە، ئیمە نوینەرمان چووەتە لای بەریز حاكم قادر داوایان كردووە ٣٠سم نەبیت زیاتر بیت ئەویش لەوێ نامەی ناردووە بۆ بەشی زیادەرەوی كوریك پیم وابێ ناوی (ابو علا)یە ئەوانیش ووتوویانە خۆمان دیین و سەر ئەدەین چارەسەریكی ئەو وەزعە ئەكەین، بەلام ئەو نەوەستاوە لە وەلامی ئەودا یەكسەر ئەو هاتووە دیارە من نوینەر نەبووم لە زاری ئەوانی ترەوە گوایە ووتوویەتی من حساب بۆ كەس ناكەم قسە قسەی خۆشمە، نابێ كەس لە ٣٠سم زیاتر زیادەرۆیی بكات بەلام من یەك داوام هەیە ئەم بازارە ئەبێ لەگەڵ هەموو شوینەكانی تردا حیسابی تایەبتی بۆ بكریت چوونكە ئەم بازارە بازاری جملەیە، یانی بە راستی ٣٠سم زۆر كەمە وە من لەگەل ئەوشدا نیم خەلك سەرپیچی بكات حەزم لە سەرپیچی نییە لە بەر ئەوەی ئیمە خۆمان بە خەلكی شارستانی ئەزانینو لە شارەكەدا ئەژین سەرپیچی كردن ئەصلەن دیاردەیەكی ناشارستانییە، لەگەڵ سەرپیچی كردندا نیم لەگەڵ زیادەرۆیی نیم بەلام لەگەل ئەوەشدا ئەم بازارە ئەبێ حسابی تایبەتی بۆ بكری لەگەڵ بازارەكانی تردا جیاواز بیت.

***هاوپشتی كریكاری: دوا قسەت چی‌یە لەم بارەیەوە؟***

عەزیز عبدالله: من چەند سالە لەم بازارەدا ئەژیم و دانیشتووم تا ئیستا سەعاتێ هیچ كەسێ زیندانی نەكردووم وە هیچ تاوانیكیشم بەرامبەر بە هیچ كەسیك نەكردووە وە هیچ خیانەتیكیشم بەرامبەر هیچ كەسیكیش نەكردووە وە حەزیش لەوە ناكەم بە بی هۆ كەوا برادەریك بە موبایلیكەوە دوو سی برادەری پۆلیسی لەگەلدا بیت من داوای هەقی خۆم ئەكەم وە مافی خۆشمی ئەزانم داوای هەقی خۆم بكەم ئەو وەلامی من نەداتەوە بە موبایلیكەوە بانگی پۆلیس بكات و پۆلیس خۆی رابپسكینی ...هتد، ئەمە دیاردەیەكە ئەصلەن لەگەڵ بیر و بۆچونی من هەر ناگونجێ، من بۆیە لەویدا دەنگ هەلئەبرم لەوە ئەترسم كە پۆلیسیكی منالْ غەلەت بكات و بمشكینێ جا لە بەر ئەوە تەبیعی پیم ناخۆشە بشكیم، ئەگینا من لەو كەسانە نیم هەر لە خۆمەوە بچم بە گژ خەلكدا یان بە بێ هۆ دەنگ بە سەر خەلكدا هەلبرم هۆیەكەی هەمووی دەگەریتەوە بۆ خۆیان، ئەگەریتەوە بۆ ئەوەی كە گوێ لە بەرامبەرەكەیان ناگرن، بزانن ئەو خەلكە داوای چی ئەكات من تەنها داوای ئەوە ئەكەم ئەلیم حەز لە زیادەرۆی ناكەم كیشەكە بەتەنها كیشەی من نییە، كیشەی هەموو بازارەكەیە، داوای ئەوە ئەكەم ئەو كیشەیە بە شیوەیەكی جوان و ریك و پیك بین چارەسەری ئەم كیشەیە بكەن و ٣٠سم كەمە لە جیاتی ٣٠سم بكریت بە ٦٠سم یان ٥٠سم بە هەرحالْ بە شیوەك چارەسەر بكریت كە بەعام خەلكەكە زەرەرمەند نەبیت دیاردەی بازارەكەش ناشرین نەبیت.

ئامادەكردنی: هاوپشتی كریكاری

خاوەنی ئیمتیاز: ئەکرەم عبداللە

سەرنووسەر: زمناکۆ عزیز

بەڕیوەبەری نوسین: نەسرەو عوسمان

hawpshty@yahoo.co.uk

zmnaco@yahoo.co.uk

هەروەها لەسەر تۆری ئینتەرنێت بەم ناونیشانە ئەتوان وەربیگرن: www.wpiraq.org /kurdish

Fax: 0044 870 138 27 19


# workers solidarity

## ملا بەختیار لە کۆڕێکدا لەهۆڵی ڕۆشنبیری سلیمانی:

# دژایەتی کردنی ئیسلامی یەکانی کوردستان بۆ ئەمریکا ڕاست نی یە!!

**پ، سلیمانی:** مەلابەختیار ئەندامی ئیحتیاتی مەکتەبی سیاسی کوردستان لە رۆژی ۲۰۰۲/۱۰/۱۲ لەکۆریکدا لەهۆلی رۆشنبیری سلیمانی ووتی" من دژایەتی کردنی ئیسلامی یەکان بۆ ئەمریکا بەراست نازانم، چونکە لەلایەك دژایەتی ئەمریکا ئەکەن، لەلایەکیترەوە چەندین جار داوایان کردوە کە ئەمریکا لەگەڵ شەش حزبەکەی ئۆپۆزسیۆن بەحسابیان بهینیت" ئەم قسەیەی مەلا بەختیار لەسەر ئیسلامی یەکان بەسە بۆ ئەوەی کە چیتر کەس بەدرۆدەلەسەی ئیسلامی یەکان فریو نەخوات. ئەونیش بەچەشنی ئۆپۆزسیۆنی دەستەمۆی ئەمریکا بە شوین سەهمیەتو جیگەو ریگەی خۆیانەوەن لەداهاتووی عیراقدا، ئەوان لەلایەك دژایەتی ئەمریکا ئەکەن بۆ ئەوەی کە لە پارەو پولی تەرخانکراو بۆ کاری تیرۆریستی لەلایەن بن لادنەکانو هاوشیوەکانی یەوە بەهرەمەند بن، لەلایەکی ترەوە کەوتوونەتە پارانەوە بۆ ئەوەی ئەمریکا وەك ئۆپۆزسیۆنی ئەلقە لەگوێی خۆی قبولیان بکات بۆئەوەی کە لە ئایندەی عیراق شتیکیان پێ ببریت.

## لەلایەن pkkوpukەوە

# لەناوچەی گوندەکانی پشدەر، چەندین هاوڵاتی لەسەر بیرو باوەری سیاسی دەگیرین.

**لە (ئارام سعید)ەوە:** لەگوندەکانی پشدەر، ئەو ناوچانەی کەهیزەکانی PKKی لێیە خەلکی زەحمەتکیشی ئەو گوندانە لەژیانیکی نائاسایی ژیان دەگوزەرینن، ئەگەر شەر دەبیت لەنیوان PKK و ی.ن.ك خەلکی گەنم و دانەویلەیان دەسوتیت، یان توشی نارەحەتیەکی زۆر دەبن، هەروەها ئەگەر بەناو ئاشتی یەو شەر نی یە ئەوا لەلایەن PKK بە (یەکیتی)حساب دەکرین، وە کاتیك ئەچن بۆ شارەکان وناوچەکانی ژیر دەسەڵاتی ی.ن.ك ،حسابی PKK یان بۆ دەکەن و ئیجرائاتیان لەگەل دەکەن ، ئەوەتا لەسەرەتای مانگی ئابی ۲۰۰۲ هیزەکانی PKK هەلدەستن بە رفاندنی ئەم هاوڵاتیانە :

۱-مامۆستا حمد بایز خەلکی گوندی مارەدوە .

۲-محمد رسول بایز خەلکی گوندی رەزگە .

۳-رسول مینە خەلکی گوندی ئەرکە .

بەتۆمەتی یەکیتی بوون بۆ ماوەی چەندین رۆژ زیندانی کراون، لەژیر نارەزایەتی خەلکەکەی گوندەکان ئازاد کران .

هەروەها لە سەرەتای ئەیلولی ۲۰۰۲ دوبارە هیزەکانیPKKمامۆستا محمد رسول و گول حسین لەگوندی شیخان دەفرینن وە هەتا ئیستا بی سەروو شوینن و بەگیراوی ماونەتەوە لەلایان، هەروەها لەکۆتایی ئابی ۲۰۰۲ ی.ن.ك بە تۆمەتی هاوکاری کردنی PKK هەستاوە بە گرتنی ئەم هاوڵاتیانە :

. حمە مینە گوندی شناوە.

. ئاوات نەبی حمە سوور گوندی زورکان.

شایانی باسە هەتا ئیستا گیراون، سەرەتای تشرینی یەکەمی

# بەریوەبەری نفوسی پینجوین، مۆری نفوس لە گیرفانیدا هەلدەگرێ!

بەریوەبەری نفووسی پینجوین بە هۆی ئەوەی کە شوینی نیشتەجێ بوونی سلیمانی یە حەفتانە سێ رۆژی یەکەم دەوام دەکاتو لە سێ شەممەوە دەگەریتەوە بۆ سلیمانی. ئەو رۆژانەی دەوام ناکات مۆرەکەی دائیرە دەخاتە گیرفانی یەوە تا خۆی دەگەریتەوە بۆ دەوام ، بەم شیوەیە ئەو چەند رۆژە هاوڵاتی یانی ئەو ناوچەیە هەرکاریکیان هەبیت ناچار دەبن چاوەرێی مۆرەکەی گیرفانی بەریوەبەر بن!!

# ئاسایش و سوالکەران...

مەفرەزەکانی ئاسایشی رانیە لەبەرواری ۲۰۰۲/۱۰/۱٤دا هەستان بە دەستگیر کردنی چەندین ژنو پیاوی "سوالکەر" لەناو بازارو کۆڵانەکانی رانیەدا.

ئەم دەستگیر کرنەی هەژاران لەکاتیکدایە کە دەسەڵاتداران هیچ بەدیلیکیان نەخستوەتە بەردەم ئەو کەسانەی کە سوالکەریان وەك پیشە دەست پیوە گرتوە. ئەمە دروست وەك ئەوە وایە کە کەسیك لەسەر کار دەربکەیتو پێی بلێی هەقیشم نی یە بەسەرتەوە کە چۆن ئەژیت!!!

## لەپەراوێزی دابەزینی نرخی دۆلاردا:

# دەسەڵاتداران وخەڵك، دوو بەرژەوندی جیاواز!

**نەسرەو عوسمان**

ماوەیەکە دەسەڵاتدارانی سلیمانی و هەولیر لە چەندین کۆنگرەی رۆژنامەگەری و چاوپیکەوتنی تایبەتی بەرپرسە حکوومی و حیزبی یەکان و لە کەنالەکانی راگەیاندنەوە و لە سەر رووی رۆژنامەکان قسە لەسەر بەهای دۆلار دەکەنو لە هەولی بەردەوامی ئەوەدان کە بتوانن بیهیننەوە ئاستی جارانی و ئەو زەرەرەی کە خۆیان کردوویانە لانی کەم بتوانن بریکی قەرەبوو بکەنەوە.

دابەزینی دۆلار حالەتیکە کەخەلکی کوردستان بە گشتی سوودی لی دەبینن، بە تایبەت نرخی ئەو کەرەسە و پیداویستیانەی کە لە وولاتانی دەرەوە دینە کوردستان، بە نرخی دۆلار سەودا و مامەلەی پیوە دەکریت ئەگەر دوینی کەرەسەیەك کە بە ۱۰۰ دۆلار بووبیت بۆ ئەمرۆ هەر ئەو ۱۰۰ دۆلارە دەکاتە دوو لە سەر سێی ئەو پارەیەی دوینێ بە پارەی سویسری، بەم پێیە بۆ خەلکانی کریکار و ئاسایی کە بە پارەی سویسری هیزی کاریان دەفرۆشن و کار دەکەن و مامەلە دەکەن تا سنووریکی دیاریکراو سوود و قازانجی هەیە، بەڵام دەسەڵاتدارانی کوردستان وەك پیشەیی هەمیشەییان کە بەرژەوندی یەکانی خۆیان لە پیش بەرژەوندی یەکانی خەلکەوە بە حساب هیناوە، دەستیان کردووە بە هیرشی راگەیاندن و رۆژانە شین و شەپۆر دەرگیرن و هەراوزەنایەکیان ناوەتەوە بۆ بەرزکردنەوەی بەهای دۆلار کە بە هەر شیوەیەك بۆیان بکریت و بتوانن لە ئاستیکدا رای بگرن و خەلکی بترسینن بەوەی کە پارەکانیان بە دۆلار هەلبگرن و هەر بەو دراوەش مامەلە بکەن و لەم بارەشەوە چەند بریاریك و هەنگاویکیان هەلگرتووە، کە هەندیکیان هەرەشە ئامیزانە ئەوە بە گوێی خەلکدا دەدەن کە ئەمان نەسیحەتیان کردن ئەگەر رۆژیك هات و زەرەریان کرد کەس گلەییان لی نەکات،کار گەیشتە ئەوەیکە سامی عبدالرحمن لە رووی تەلەفزیۆنەوە بە خەلك بلیت من تەنها ۱۰۰ دیناری سویسری لە مالەکەمدا هەیە!!!

دیارە ناوەرۆك و جەوهەری مەسەلەکە ئەوەیە کە دەسەڵاتداران هەموو سەرمایەو مولکەکانیان بە دۆلار هەلگرتووەو کار و کۆمپانیاکانی سەربە خۆشیان هەر بەم پێیە لەگەڵ ریخکراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەوەی لە پەیوەند بە بریاری ۹۸٦وەوە جی بەجێ دەکریت هەر بە دۆلار دەکریت، بۆیە بەو شیوەیە کەوتوونەتە فرمیسك هەلرشتن بۆ دۆلار و جاریکی تر اعتباردان بەو دراوە و هینانەوەی بۆ مەیدانی بازارەکانی کوردستان کە زۆریك لە کۆمپانیاکان کاری یان راگرتووەو لیرەشدا هەر ئەو کریکارانە زەرەرمەند دەبن کە لەگەلیان کار دەکەن و پارەکانیان نادریتی بە بەهانەی دابەزینی دۆلارەوە، بە ئیعترافی خۆیان لەم دابەزینەی دۆلار لەم چەند رۆژەی دوایدا نزیکەی ۱۰۰ ملیۆن دۆلار زەرەریان کردووە، ئیتر ئەمە بۆ خۆی رۆشنە کە ئەوان هەموو رۆژە دینە سەر تەلەفزیۆنەکان و باس لە خەتەر و مەترسی و نەمانی پارەی سویسری دەکەن ودەلین کە رووی لە کەمبوونەوەیەو ئیحتمالی ئەوەی هەیە نەمینی و...هتد. چونکە قازانجی ئەوان لە قازانجەکانی خەلکدا نی یەو ئەوانو خەلك دوو چارەنوسو دوو بەرژەوندی جیاوازیان هەیە.

** ** **

# بەم چاوانەی خۆم بینیم!!

رۆژی شەممە ۲۰۰۲/۹/۲۸ لەسەر جادەی گشتی نزیك معرض کۆسرەت مەسئولیکی یەکیتی نیشتیمانی کوردستان بە لانگرۆزیکەوە، ویسیان پیش مەکینەی شارەوانی رانیە بکەونەوە کە شۆفیرەکەی پیاویکی بەتەمەن بوو، ئەم پیاوە پیرە ناوی (احمد محمد مولود) بوو ئەویش ریگای نەبوو ریگایان پی بدات ناچار لەسەر سایدی خۆی رۆیشت بی ئەوەی مخالەفە بکات، گەر مخالەفەی کردبا ئەوا ئەوا لەبەرازیلیەکی دەدا بەڵام مخالەفەی نەکرد ئەو مەسئوولەی یەکیتی بە تورەیی سەیارەکەیان راگرت و ئەویشیان راگرت، بەڵام پیاوە پیرەکەی سایەقی مەکینەکە بەقسەی خۆش وتی من مخالف نیم و مخالەفەش ناکەم، کەچی ئەو مەسئولە دوو زلەی لەو پیاوە ریش سپیە دا زللەیەکیشی بەدەستی حیمایەکانی خوارد خۆشبەختانە خەلك خیرا گەیشتە شوینی رووداوەکە و نەیان هیشت ئەو مەسئولەو حیمایەکانی لەو پیاوە ریش سپی یە بدەن، شایەنی باسە کە لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا خەلکانی خوارتر لەتەمەنی (مام ئەحمەد) خانەنشین کراونو لەبەر ئەوەی کە تەمەنیکیان صرف کردوە لەخزمەتکردنی کۆمەلگادا ئیستا کۆمەلگا ئەرکی یەتی کە خزمەتیان بکات، بەڵام لای ئیمە بەو شیوەیە مامەلەی ئینسانە بەتەمەنەکان ئەکریت.

# دوا ستوون

# ئاوارەکان لە نیوان بەردە قارەمان و دڕکاوەدا..!

**مظفر عبدالله**

سیاسەتی تبعیس و تعریب و تهجیر و ترحیل یەکیك لە سیاسەتە جیاوازیخوازی و شۆڤینیستی یەکانی رژیمی فاشی بەعس بووە لەوەتەی هاتۆتە سەر کار .وە رۆژ بە رۆژ ئەم سیاسەتەی زیاتر پەرەپیداوەو عەمەلی کردۆتەوە.تا وای لیهاتوە بەهۆی پیادە کردنی ئەم سیاسەتانە و سەرجەم سیاسەت و هەنگاوەکانی تری یەوە سی دەیەیە عیراقی کردوە بە یەکیك لە گەورە وولاتەکانی جهان لە بی مافی و سەرکوت و دکتاتۆریەت .ئەمانەش بوونەتە بەهانانەیەك کە زل هیزەکانی جهان بۆ بەرژەوندی خۆیان، لەسەرو هەموویانەوە ئەمریکا، دەخالەت لە عیراق دابکات و ببیتە دەروازەیەك بۆ بەدی دەهینانی گشت سیاسەت و ستراتیژەکانیان.

بەهەرحاڵ تا ئەو جیگەیەی کە بەم سیاسەتانەی بەعس دەگەریتەوە، ئەم چەند سالە رەنگە بەهۆی قەیرانی قولی هەمەلایەنەی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی یەوە نەیتوانیبی هەموو ئەم سیاسەتانە وەك یەك ببات بە ریوە بەلام لەگەل هەر وەزعیکی نالەباریشو ترس لە روخانی دەسەلاتی دەبیین سیاسەتی ترحیلی هەمیشە بەردەوام بووە.

دیارە ئەمەش بۆیە دەکات دەزانی بەم کارەی هەم جیاوازی قومی و قولتر دەکاتەوە هەم دەیەوی بەم کارە ترس لەسەر دەسەلاتی کەمتر بکاتەوە.

تا ئیستاش کەم رۆژ هەیە هەلمەتی تەرحیل نەکاتە سەر خەلکی کوردو تورکمان و هەر کەسیك کە بزانی زەررەیەك مەترسی هەیە بۆسەری .

وەختیکیش ئەم کەسانە تەرحیل دەکات هەموو مال و سامانیان دەست بەسەرا دەگریت و ئەو خەلکە بی تاوانە بەبی هیچ ئامرازیکی گوزەران و دەست مایەیەك بەرەو کوردستان رادەگویزری .هەربۆیە دەبیین لە پەراویزی شارو شارۆچکەکانی کوردستان پرن لەو خەلکەی کە زیاتر بە ناوی ئاوارەکانی کەرکوکەوە ناسراون و لەوپەری هەل و مەرج و گوزەرانی سەخت دا دەژین .ئەم ئاوارانە ئیتر ترحیلی پیش راپەرین یاخود تەرحیلی سەردەمی راپەرین و یاخود دوای راپەرین بن، کە لە دینە کورستانەوە وەك ئامارەمان پی دا زۆر سەخت دەژین .ئیتر هەر لە بی جیگەو ریگەیی یەوە تا نەبوونی نانی رۆژانە و بی ئاوی و کارەبایی و دەیان و سەدان پیویستی تر .بە تایبەتی هەتا دوای هەزار و یەك دەردی سەری دەستیان دەگات بە بیتاقەی خواردن دەگەنە قەراغ مەرگ .نمونەی مەرگەساتی سەختی ئەم واقعە تالە زیاتر لە نیویان ئاوارەکانی کەرکوکە بە تایبەتی ئەوانە لە شوینی وەك بەردەقارەمانی نزیك شارۆچکەی تەکیە و درکاوەی نزیك عەینکاوەی هەولیر دەژین .

بەراستی وەختیك هەر مرۆڤیك ئەگەر زەرەرەیەك هەستی بۆ مرۆڤایەتی بۆیان ببزوی ناتوانی نارەزایەتی بەهەر شیوەیەك بیت دەرنەبری بەرامبەر هەموو ئەوانەی ئەمرۆ پروپاگەندە سەبارەت بە مافی مرۆڤ و کۆمەلگەی مەدەنی و شارستانی و دیموکراسی و خۆش گوزەرانی خۆ بە بەرپرس زانین بەرامبەر مافی خەلکی کوردستان و دەیان دروشمی تر دەکەن.

مەسەلە ئەوەیە وەختی رژیمیکی فاشست ئەم خەلکە بە بەهانەی جۆراوجۆر ئیتر هەر بەهانەیەك بیت دەردەکات و بی بەشیان دەکات لەهەر تایبەتمەندی یەکی هاوولاتی بوون و بی ئومید و بی بەش لە سەرەتاییترین هۆیەکانی ژیان، بەلام لە هەمان کات کە فری یان دەدەنە کوردستانیشەوە زۆر سەخت و درەنگ و دەگمەن ئاوریان لی دەدریتەوە.خۆ ئەگەر کۆمەکیکیشیان پی بکری لە لایەن ریکخراوە خیرخوازەکانەوە یاخود دانی پیویستی یەکی مەمرەو مەژی لە لایەن دەسەلاتدارانەوە ئەوە تا ئیستا ئەم کۆمەکانە نەبۆتە هۆی چارەسەری کەمترین گرفتەکانی ئەوان.

چاوخشانیك بە ژیانی رۆژانەی هەزاران خیزان لە قەراغ شارەکانی کوردستان هەر لە سلیمانی و هەولیر و دهۆك و ئاکری و دیانا و رانیە و...هتد واقعی ژیانی سەختی ئەم خەلکە بی تاوانەمان بۆ دەردەکەوی. وەك ووتمان بەردە قارەمان و درکاوەی هەولیر نمونەیەکی بچوکی سەختی ژیانی ئەو خەلکە ئاوارەیەیە .

تایبەتمەندی شوینی ئەو ئاوارانە بریتی یە لە خانووی داروخاو و شوقەی ویران و رزیوو کولانەی لە قور دروست کراوو لە تەنەکە و تەختە دروست کراوو نمونەی بی مافی و بی بەشی ئەم خەلکە ئاوارەیەیە .ئەم جیگەو ریگەیە لە ژیانی کۆمەلگەی ئەم سەردەمەدا نەك شایستەی مرۆڤ نی یە بەلکو شایستەی گیاندارانیش نی یە .بەلام ئەم خەلکانە ناچارن لەم پەناو پیسارانە بە بی ئاوو کارەباو قوتابخانەو نەخۆشخانە و تەنانەت بنکەی تەندروستی و بی جادەو ریگا و دەیان پیویستی تر بژین .بەلام زۆرجارلە زۆربەی شوینەکان دەسەلاتداران هیشتا ئەمەشیان بۆ بەرەوا نابیین و تا ئیستا چەندین جار دەریان کردون و بە بی سەرپەنا ئەم شوینەشیان لی تیك داون.خەلکیش ناچاربونە بە شیوەی تاك و کۆمەل نارەزایەتی دەربرن .نمونەی ئەم هیرش کردن و بی مافیانە ،و نارەزایەتیانەش لەم چەند سالەدا کەم نین .

دیاردەیەکی هەرە نامرۆڤانەتر ئەو سوکایەتی و بە کەم تەماشا کردنەیە کە ئەمرۆ بەم خەلکە ئاوارەیە دەکریت.دیارە سەرهەلدان و پەرەسەندنی ئەم دیاردە نا مرۆڤایەتی یەش راستەخۆ پەیوەستە بە بارودۆخی سیاسی ئەمرۆی کوردستان و هەلواسراوی چارەنوسی ئەم خەلکەو نەبوونی دەسەلاتیکی سیاسی شەرعی و ئینسانی هەلبژیردراو لە لایەن خەلکەوە .دەنا ئەگەر وانەبوایە ئەمرۆ لە جیاتی ئەوەی ئەو خەلکە ئاوارەیە ئاوا بە سەختی ژیان بەسەر ببات و سوکایەتیان پی بکریت دەبوو دەست بە جی هەر کە ئەو خەلکە تەرحیل کران هەموو پیویستی یەکانیان بۆ فەراهەم بکرایە، چونکە ئەوانە بە ئارەزوی خۆیان مال و حال و ئازیزانی خۆیان بەجی نەهیشتوەو ناهیلین، بەلکو بەهۆی سەرکوت و دکتاتۆریەت و لە ژیر ئەشکەنجەو ئازارو هەرەشە بەزۆر دەردەکرین و جی ی دەهیلن .

بۆیە پیویستە و ئەرکی دەسەلاتدارانە کە بە فەوری هەموو پیویستی یەکیان بۆ جی بەجی بکەن .وە هاوکات ئەو خەلکە ئاوارەیە خۆشیان ریزەکانی خۆیان لە هەر کوی هەن یەك خەن و لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە و ریکخراوی خۆیان بەدور لە دەخالەتی حزبە دەسەلاتدارەکان و وەزیفە دارەکان پیك بهینن و خواستەکانیان بخەنە بەردەم دەسەلاتداران و ریکخراوەکان تا لانی کەمی ژیانیکی هاوچەرخانە بژین .وە ئەرکی هەر حزب و لایەنیکی ئازادیخواز و مرۆڤ دۆستە کە پشتیوانیان لی بکات .

هەلبەت تا ئەو جیگەیەی رژیمیکی قومی فاشی وەك بەعس لەسەر کار بیت ئەوە بی گومانە هەموو ئەو دیاردانەش هەردەبیت .وە تا کوردستانیش لە ژیر سایەی بارودۆخی وەك ئەمردا بیت و خەلکیش ریزەکانیان پەرش و بلاو بیت ئەوە ژیانی ئەو خەلکەش بە ئاوارەو غەیرە ئاوارەوە ئاوا دەبیت .بۆیە تاکە ریگا بۆ رزگار بوون لە هەموو بارە نالەبارەکاندا یەکخستنی ریزەکان و نارەزایەتی یەکانی خەلك خۆیانە.

## بەسوپاسەوە ئەم کۆمەکانە بەدەست گەیشتوە:

وەستا حسین صالح ۱٦۰دینار، دۆستیکی هاوپشتی (سلیمانی) ٥۰۰دینار

**جگە لە سەرووتار، هەموو ئەو بابەتانەیکە بڵاو دەبنەوە خاوەنەکانیان لیّیان بەرپرسیارن !**